

## پێشتر جنێوی بە دایکی داوە..

# ڕۆناڵدۆ چیدی بەرگەی خۆویستی بەیڵ ناگرێت

**ڕووداوی وەرزشی - CNBC**

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ئاشکرای دەکات کە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی ئەو یانەیە دوای یاری ریال مەدرید و ئەتلەتیک بلباو زۆر تووڕە بووەو بە ڕاهێنەرەکەی گوتووە «چیدی بەرگە ناگرم».

بە پێی ئەو سەرچاوەیە، ڕۆناڵدۆ لای کارلۆ ئەنچیلۆتی ڕاهێنەر گلەیی لە گاریس بەیڵی هاوڕێی کردووەو بە کارلیتۆی گوتووە «چیدی بەرگەی خۆویستی بەیڵ ناگرم، ئەو بە ئەنقەست پاسم پێنادات». هەروەها ئەو سەرچاوەیە دەشڵێت «ئەنچیلۆتیش بە ڕۆناڵدۆی گوتووە کە خۆیشی دەمێکە هەست بەو خۆویستییەی بەیڵ دەکات و پێشتریش هۆشداری پێداوە کە خۆی لەو خۆویستییە ڕزگار بکات و پاس بە هاوڕێکانی بدات، بە تایبەتیش کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ».

لە دوایین یاری ریال مەدریددا کامێراکانی ناو یاریگە چەندینجار وێنەی گرتەکانی ڕۆناڵدۆیان گرت، کە گلەیی ئەوەی دەکرد کەس تۆپی پێنادات، بۆیە جارێکی دیکە بابەتی پاس نەدانی بەیڵ بە ڕۆناڵدۆ زیندوو بووەوە، کە پێشتریش لە ڕاگەیاندنەکان زۆر باسی لێکراوە، تەنانەت ئەو سەرچاوەیەی نزیک لە ماڵی شاهانە ئەوەشی بۆ ڕۆژنامەکان ئاشکراکردووە، کە لە یارییەکی پێشووتری ریال مەدریددا، ڕۆناڵدۆ لە ڕقی ئەوەی بەیڵ پاسی پێنەداوە جنێوی بە دایکی بەیڵ داوە.

WWW.RUDAW.NET

ڕووداو وەرزشی

ژمارە (342) سێشەممە 2015/3/10 19ی ڕەشەمێی 2714 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

## چارەسەرییەکەی لای زێدان و مۆدریچە..

# ریال مەدرید نەخۆشە



باتیستۆتای پیرمام بڕوانامەی مەشق لە ئەتلەتیک بلباو وەردەگرێت

2

## بایرن میونشن بۆندسلیگای بێتام کردووە

5 »



ئامادەیە

عومەر سەلیمی سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر سەبارەت بە دووەم یاری یانەکەیان لە جامی یەکێتی یانەکانی ئاسیا بەرامبەر یانەی قادسیەی کوێتی، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئامادەکارییەکانمان زۆر باشەو دەمانەوێ ئەنجامێکی باش بەدەستبێنین، بەڵام یانەی قادسیەش یانەیەکی بەهێزەو زیاتر لە 7 یاریزانی لە ڕیزی هەڵبژاردی کوێت یاریدەکەن، پێویستە حیسابێکی تەواویان بۆ بکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی باش بەدەست بێنین». هەروەها گوتیشی «هەرچەندە لە خولی عێراق بارودۆخمان خراپە، بەڵام ناهێڵین کار بکاتە سەر ئاستی یاریزانانمان».

تەنیا مووچەکانیان بۆ دابین دەکرێت..

# یاریزانانی هەولێر بە قەرز یاری دەکەن



**ڕووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

ئەندامێکی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «هیچ بەڵێنێکی ئەوەمان بە یاریزانانی یانەکەی خۆمان نەداوە کە بڕی 30%ی گرێبەستەکانیان بۆ دابین بکەین، چونکە خۆمان کێشەی داراییمان هەیە».

دوای ئەوەی یانەی هەولێر لە یەکەم یاری جامی یەکێتی یانەکانی ئاسیا توانی ئاستێکی بەرز لە دەرەوەی یاریگەی خۆی لە تاجیکستان پێشکەش بکات و 3 خاڵی گرنگ بەدەستبهێنێت، لە شەقامی وەرزشیی هەولێر دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە یانەکە ئامادەکاری دەکات بۆ دابینکردنی 30%ی بڕی گرێبەستی سەرجەم یاریزانان، کە ماوەیەکی زۆرە یاریزانەکان هیچ بڕە پارەیەکی گرێبەستی خۆیان وەرنەگرتوە. بەڵام بەرپرسانی یانەی هەولێر ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکەنەوە.

بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی هەولێر، لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئێمە هیچ بەڵێنێکمان بە یاریزانانی خۆمان نەداوە بۆ دابینکردنی بڕی 30%ی گرێبەستەکانیان، چونکە ئێستا ئێمە بەخۆمان لە قەیرانێکی سەختی دارایی داین و ناتوانین هیچ بڕە پارەیەک دابین بکەین، ئەوەشمان بە ئاشکرا بە یاریزانانی خۆمان گوتووەو لەگەڵیان دانیشتووینە بۆ ئەوەی بتوانین بە ڕوونی قسەیان لەگەڵ بکەین». ئەو گوتیشی «یاریزانەکانیش پشتیگری خۆیان بۆ یانەی هەولێر دووپات کردووەتەوە لەم بارودۆخەی ئێستا، کە لە بارودۆخێکی زۆر خراپداین، بەڕاستی یاریزانانی ئێمە دڵسۆزی خۆیان بۆ یانەی هەولێر دووپات کردووەتەوە بۆ بەردەوامبوون لە خزمەتکردن».

ئەو ئەندامەی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی هەولێر، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئەوان مانگانە دەتوانن مووچە بۆ یاریزانەکانیان دابین بکەن «ئەوەش تا ڕادەیەک بۆ یاریزانان سوودی خۆی دەبێت».

لە یادی ئازادکردنی هەولێردا..

# پاسەوانانی قەڵا دەیانەوێت تۆڵە لە قادسیە بکەنەوە

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**ڕووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

سبەی چوارشەممە 2015/3/11 لە گەڕی دووەمی قۆناخی کۆمەڵەکانی جامی یەکێتی یانەکانی ئاسیا لە تۆپی پێ، یانەی هەولێر ڕووبەڕووی یانەی قادسیەی کوێتی دەبێتەوە، یارییەکە لە ڕکابەرییەکانی کۆمەڵەی سێیەمە و لە کاتێکدا دێتە ئەنجامدان، کە سبەی بۆنەی 11ی ئادارە، یادی ئازادکردنی شاری هەولێری پایتەختە لە دەستی ڕژێمی بەعس لە 11ی ئاداری 1991دا.

## هەولێر بەدوای تۆڵەیە

پاسەوانانی قەڵا لەسەر یاریگەی لخویا لە دەوحەی پایتەختی قەتەر، کە بە یاریگەی هەولێر هەژمار دەکرێت، بەرامبەر قادسیەی کوێتی یاری دەکەن و یارییەکەش کاژێر 6ی ئێوارە بە کاتی کوردستان ئەنجامدەدرێت.

هەولێر هەوڵی سەرکەوتن و تۆڵەکردنەوەی یاری کۆتایی وەرزی ڕابردووی ئەو پاڵەوانیەتییە دەدات، کە تێیدا هەولێر یارییەکەی بەرامبەر کوێتییەکان لە خاکی ئیماراتدا دۆڕاند و بۆ جاری دووەم لە یاری کۆتاییدا لەسەر دەستی کوێتییەکان دۆڕا و بە خەونەکەی نەگەیشت، کە بردنەوەی جامەکەیە.

یانەی هەولێر کە لە خولی عێراقدا ئەم وەرزە ئاستی ناجێگیرە و ئەنجامەکانی باش نییە، ئێوارەی دووشەممە 2015/3/9 لە فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە بەرەو دەوحە فڕین و ئەمڕۆ یەک یەکەی مەشقی کورت ئەنجامدەدەن، پێش ئەوەی سبەی بەرامبەر قادسیەی هەڵگری نازناوەکە یاری بکەن، ئەم گەشتە درەنگە و ئەنجامدانی تاکە مەشقێک لە دەوحەدا، بە ئامادەکارییەکی ناتەواو دادەنرێت بۆ یانەی هەولێر، بە تایبەتی بەرامبەر تیپێکی بەهێزی وەک قادسیە.

تیپی پاسەوانانی قەڵا بە پێچەوانەوەی ئەنجامەکانیان لە خولی عێراقدا، لە دەستپێکی وەرزی ئەمساڵی جامی ئاسیا، بە سەرکەوتنێکی گەورە لە تاجیکستان گەڕانەوە، کاتێک دوو هەفتە لەمەوبەر بە ئەنجامی 3 ـ 1 گۆڵ لە یانەی ئیستقلال دوشانبێی تاجیکییان بردەوە و سەرەتایەکی باشیان دەستپێکرد و ئێستا لە پلەی یەکەمی کۆمەڵەکەیەتی بە 3 خاڵ و بە جیاوازی گۆڵی زیاتر لە پێش قادسیەیە، کە ئەویش لەلای خۆیەوە لە یاری یەکەمدا بە 2 ـ 0 گۆڵ لە یانەی ئاهالی تورکمانستانی بردەوە.

## خوێنرێژەکە ئامادەیە

بۆ یارییەکەی سبەی، یانەی هەولێر پشت بە 19 یاریزان دەبەستێت، کە بۆ یاری ئەمجارە یونس مەحموودی هێرشبەری نێودەوڵەتی عێراقییش، کە بە سەفاح (خوێنرێژ) ناسراوە، پەیوەندی بە تیپەکەوە کردووە و ڕووی لە قەتەر کردووە، دوای ئەوەی لە یاری یەکەمدا بەشدارنەبوو، جگە لە ئامادەبوونی نەشئەت ئەکرەم، کە لە یاری یەکەم و هەروەها یاری بەرامبەر زاخۆشدا بەشداربوو.

هەولێر، کە هەینی ڕابردوو لە خولی عێراق لە دەرەوەی یاریگەی خۆیدا لەگەڵ یانەی زاخۆ یەکسانبوو، ئێستا لە کۆمەڵەی یەکەمی خولی عێراقدا لە پلەی شەشەمە و 18 خاڵی هەیە، ئەمەش هیچ کات جێ ڕەزامەندیی جەماوەرەکەی نییە و لەگەڵ ناو و مێژووی یانەی هەولێر لە خولەکەدا ناگونجێت، کە خاوەنی 4 نازناوە.

## قادسیە بارودۆخی باش نییە

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداوی وەرزشی)، یانەی قادسیەی کوێتی، دوێنێ دووشەممە ڕوویان لە دوحە کردووە، دوای ئەوەی ئەم هەفتەیە لە خولی کوێتدا بە 3 ـ 0 گۆڵ لە یانەی سلێبخاتی بردەوە و ئێستاش لە پلەی سێیەمی خولی وڵاتەکەیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا یانەکە بۆ یارییەکەی بەرامبەر هەولێر لە 4 یاریزانی بێبەشە، کە پێکانیان هەیە، ئەوانیش عەبدولعەزیز مەشعان یاریساز و ئەستێرەی تیپەکە، لەگەڵ زاری سەعید، عامر مەعتوق و سەیف حەششان.

هاوکات ئێستا یانەکە مشتومڕ و کێشمەکێشمی هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕیی هەیە، کە بڕیارە بەمزووانە ئەنجامبدرێ و ململانێیەکی توند لەنێوان چەند کەسێک بۆ کارگێڕیی یانەکە هەیە.

لەو بارودۆخەشدا جەماوەری هەولێر چاوەڕێی سەرکەوتن و ئاستێکی باش لە تیپەکەیان دەکەن، بۆ ئەوەی هیواکانیان بەرزبمێنێت بۆ گەیشتن بە نازناوی ئەم وەرزەی ئاسیا، کە ساڵانێکە جەماوەر و یانەی هەولێر خەونی پێوەدەبینن.

دوای 16 ساڵ لێسەندنەوەی مۆڵەتەکەی..

# یانە ستەملێکراوەکەی هەڵەبجە مافی خۆی بۆ گەڕایەوە



**ڕەوا عەلی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ هەڵەبجەی شەهید**

دوای 16 ساڵ لێسەندنەوەی مۆڵەتی یانە، لەلایەن لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانەوە، کە بە قسەی بەرپرسانی ئەو یانەیە هۆکارەکە تەنیا سیاسی بووە، یانەی پەیام لە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید مۆڵەتەکەی وەرگرتەوەو ئەو یانە سڕکراوە گەڕایەوە ڕیزی یانەکانی کوردستان.

جەواد جەمیل ئەمین، سەرۆکی کاتی یانەی وەرزشیی پەیام، بۆ (ڕووداوی وەرزشی) باسی ئەوەی کرد کە چۆن پێشتر لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان ستەمی لێیان کردووەو بەهۆی ململانێی سیاسی مۆڵەتەکەیانی لێوەرگرتووەتەوەو گوتی «لەبەرئەوەی ئێمە سەر بە یەکگرتووی ئیسلامی بووین، سەرۆکی ئەوکاتی لیژنەی ئۆلۆمپی کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو لە ساڵی 1999 مۆڵەتەکەی لێوەرگرتینەوە بە بیانووی ئەوەی نابێ لە مەڵبەندی قەزا و ناحییەکان لە یانەیەک زیاتر هەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بڕیارە تەنیا هەڵەبجەی گرتەوەو لە کۆیە و کەلار چەندین یانە هەبوون». ئەو زیاتر لەو بارەوە دەڵێت «ئێمە وەک یانە زولملێکراوەکەی هەڵەبجەی شەهید سەرەڕای ئەو ناهەقییە گەورەیەی بەرامبەرمان کرا هیواو ئومێدمان لە دەستنەدا بۆ گەڕاندوەی مۆڵەتەکەمان تاوەکو وەرمانگرتەوە».

لە بارەی ئەوەی ئایا ئەو ڕێنماییانە چین کە وەزارەت پێیداون تاوەکو جێبەجێی بکەن، ئەو سەرۆک یانەیە گوتی «داوامان لێکراوە لە ماوەی 6 مانگدا دەستەیەکی ئیداری بۆ یانەکەمان دروست بکەین کە لە 150 ئەندام پێکهاتبێت، دوا بەدوای پێکهێنانی ئەم دەستەیە ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزارەتەوە نوێنەری خۆیان دەنێرنە یانەکەمان بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک و جێگر و سکرتێر و دەستەی ئیداری یانەکە». هەروەها گوتیشی «لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیاری پێدانەوەی ئیجازە بە یانەکەمان بڕیار دراوە مانگانە بڕی 2.5 ملیۆن دینار وەک مینحە بۆ یانەکەمان سەرف بکرێت».

لە بارەی ئەوەی کەی و لە چ پلەیەکدا دەست دەکەنەوە بە بەشداریکردن لە چالاکیەکانی خولی کوردستان و عێراق، جەواد گوتی «تا ئێستا هیچ بڕیارێکمان بەدەست نەگەیشتووە کە ئایا لە چ پلەیەکەوە دەست پێبکەینەوە، بەڵام بەپێی یاسای وەزارەت دەبێت لە خولی پلە سێیەکانەوە دەست پێبکەینەوە». لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بۆ بەشداریکردنیان لە خولی پلە سێیەکانی کوردستاندا بە دووری زانی ئەم ساڵ بەشداری بکەن، چونکە پێیوابوو کاتیان زۆر بەدەستەوە نییەو دروستکردنەوەی هەیکەلی ئیداری یانەکەو دروستکردنی تیپەکانی تۆپی پێ و باڵەو بەشەکانی دیکەی یانەکە کاتێکی زۆری دەوێت.



سەرۆکی یانەی پەیام:

لەبەرئەوەی سەر بە یەکگرتوو بووین مۆڵەتی یانەیان لێسەندینەوە

وا بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا بە ئامادەبوونی پارێزگاری سلێمانی و کەسایەتییە حیزبی و حکومییەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەی شەهید دەرگای یانەی وەرزشیی پەیام، ماوەی 16 ساڵە داخراوە، بەڕووی وەرزشکارانی پارێزگای هەڵەبجەدا بکرێتەوەو دەست بکاتەوە بە کارەکانی خۆی.

دەتوانێت لە کوردستان و ئەوروپاش کاری ڕاهێنەرایەتی بکات..

# باتیستۆتای پیرمام بڕوانامەی مەشق لە ئەتلەتیک بلباو وەردەگرێت



**ڕووداوی وەرزشی ـ ئیسپانیا**

گەنجێکی کوردی دانیشتووی شارۆچکەی پیرمامی سەر بە پارێزگای هەولێر، بەشداری لە خولێکی ڕاهێنەرایەتی یانەی ئەتلەتیک بلباوی ئیسپانیدا دەکات و دەڵێت «بە پێی ئەو بڕوانامەی لەو خولەدا وەرمگرتووە دەتوانم لە کوردستان و لە ئەوروپاش ببمە ڕاهێنەر».

ئەو گەنجە، کە بە شوکر باتیستۆتا دەناسرێت، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ڕایگەیاند کە لە بەرواری 2015/3/2 بەشداری لە خولی ڕاهێنەری لە یانەی ئەتلەتیک بلباو لە هەرێمی باسکی باکووری ئیسپانیا کردو لەو بارەوە گوتی «خولەکە بە زمانی ئیسپانی بوو، ماوەکەی 40 کاژێر بوو لە هەفتەیەکدا، لەگەڵ گشت تیپەکانی یانەی ئەتلەتیک بلباو مەشق و ڕاهێنانم کرد، کە بریتی بوون لە تیپەکانی پێشکەوتووان و تیپی دووەم و تیپی لاوان و تازەپێگەیشتوان و بێجوەشێران، کە لە نزیکەوە لەگەڵ ستافی ڕاهێنەران زانیاریم لێوەردەگرتن». هەروەها گوتیشی «ئینرێستۆ ڤالڤێردۆی ڕاهێنەری تیپی پێشکەوتووان و خۆسێ ئەنخێلی ڕاهێنەری تیپی دووەم زۆر زانیاریان پێدام».

بە قسەی شوکر باتیستۆتا، ئەوەی زۆر گرنگ بووە لەو خولەدا وانەیەکی سایکۆلۆجی بووە کە لەلایەن خانمە پرۆفیسۆر ماریا ڕۆیزەوە پێشکەشیان کراوە. ئەو گوتی «دوای تەواوبوونی خولەکە کارەکانی من لەلایەن پرۆفیسۆر خۆسێ مانوێل فرناندێزەوە هەڵسەنگێندران و بڕوانامەیەکی ئازادی پێبەخشیم، کە بەهۆیەوە لەمەودوا دەتوانم لە کوردستان و تەنانەت لە ئەوروپاش کاری ڕاهێنەرایەتی بکەم». هەروەها گوتیشی «لە داهاتوویکی نزیکدا دەگەڕێمەوە کوردستان و خزمەتی وەرزشیی کوردستان دەکەم».

# پێشمەرگەکانی سلێمانی دەچنە یانەکانی عەرەبی

**هەرێز جەمال**
**ڕووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بەهۆی قەیرانی داراییەوە یاریزانەکانی دەداتە تیپەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق کە چەندین ساڵە خۆی بەخێویان دەکات و ڕاهێنەرێکیش دەڵێت «لەوانەیە کۆچەکە بە یەکجاری بێت».

بێستون سدیق، ڕاهێنەری تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «بڕیارە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی داهاتوو پاڵەوانیەتی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکانی عێراق لە شاری بەغداد بەڕێوەبچێت، ئێمەش بڕیارماندا بە تیپی کچانی پێشکەوتووان بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکە بکەین و کوڕانیش دەستەبەرداریان بووین». هەروەها گوتیشی «تیپی کوڕانی یانەکەمان خاوەنی چەندین دەستکەوتە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بەڵام بەهۆی باری دارایی یانەکەمان، یاریزانانمان بۆ یانەکانی شورتە و جەیش یاریدەکەن کە ژمارەیان 7 یاریزان دەبێت و بە شێوەی خواستن گرێبەستەیان کردووەو بە ئەگەرێکی دەزانم دوای ئەو پاڵەوانیەتییەش کۆچەکە ببێتە یەکجاری، چونکە زۆرینەیان لە یانەکەمان نامێننەوە بەو پێیەی بڕیارێک دەرچووە کە نابێت کەسی دوو مووچە لە پێشمەرگەی سلێمانی هەبێت».

بڕیارە بۆ پاڵەوانیەتییەکە تیپەکانی هەولێر و سیروانی نوێ و پێشمەرگەی سلێمانی بە کچانەوە بەشداری پاڵەوانیەتییەکە بکەن وەک نوێنەری یانەکانی باشووری کوردستان و باشترینەکان وەک یاریزانی ئەم وەرزەی هەڵبژاردەی عێراق بۆ پاڵەوانیەتییە عەرەبی و کیشوەرییەکان دەستنیشان دەکرێن.



رووداو وەرزشی
ژمارە (342) سێشەممە 2015/3/10



42 ــ 9

بەهۆی ئەو پێکانە زۆرانەی تووشی دەبن، هاندەرانی ئینگلتەرا هەڵمەتێکی بەرفراوانی گاڵتەجاڕانەیان دژی ئەبو دیابیی یاریزانی فەرەنسی یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی دەستپێکرد و بە پیاوی شووشەیی ناویانبرد. لەو بارەوە رۆژنامەی دایلی مەیلی بەریتانی راپۆرتێکی لەسەر ئەو کۆمێنتە گاڵتەجاڕیانەی بڵاوکردەوە، کە هاندەرانی ئینگلیزی لەسەر دیابی لە پێگە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکردووەتەوەو لەو راپۆرتەدا هاتووە کە لە ماوەی 9 ساڵدا ئەو یاریزانە فەرەنسییە 42 جار تووشی پێکان بووەو بەهۆیەوە 222 رۆژ نەیتوانیوە یاری بکات.

## ریال مەدرید چی بەسەر هاتووە؟

# سەربازانی شاهانە بە بێ زریپۆش شەڕ دەکەن



**ئا: رووداوی وەرزشی**

دوور لە کاروباری هونەری و بژاردەی وەرزشیی کارلۆ نچیلۆتی، کە دوای هەر ئەنگاوتنێک مشتومڕەکان دووبارە دەبنەوە، بێشک ریال مەدرید لە قۆناخی دووەم و سەرەتای ساڵی تازە هاندان و ورە و جەنگان لەدەستداوەن کە وەرزی رابردوو پێی ناسراو بوو.

شەیدایانی مێرینگێ لە گۆڕانی عەقڵیەتی تیپەکە بەرەو خراپی سەریان سوڕماوە، هەرچەندە هەموو توانایەکی لەبەردەستە بۆ ئەوەی تۆپی پێی ئیسپانی و ئەوروپی کۆنترۆڵ بکات، چ لە لایەنی یاریزانان یان توانای داریییەوە، بەڵام گەشتی یانەکە تاوەکو ئێستا لە لیگا و جامی شا مایەی سەرسوڕمانە، چونکە پێشەنگی لیگای بۆ بارسیلۆنا جێهێشت، پێشتریش لە جامی شا دەرکراوە.

### یاریزانەکان هیچیان پێنەماوە

ئەستێرەکانی ریال مەدرید لەم وەرزەدا بەتایبەتی لە ساڵی 2015 بەرامبەر تیپە کەللەڕەقەکان تووشی تەنگەوچەڵەمە دێن، بۆیە هەر زوو خۆیان بەدەستەوە دەدەن و زۆرجار تووشی پەلەپەلی و تووڕەیی دێن، ئەمەش وایکردووە یانەکە تاوەکو ئێستا و بەر لە 12 گەڕ لە پێش کۆتایی 17 خاڵ لەدەست بدەن، لە 5 دۆران و یەک بەرامبەر بوون، هەموو ئەوانەی یارییەکانی ریال مەدریدیان بینیووە، کۆکن لەسەر ئەوەی ریال مەدرید بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید لە هەردوو گەڕدا خۆی بەدەستەوە دابوو، ئاستی وەک پێویست نەبوو، هەمان شت بەرامبەر ریال سۆسیدادیش دووبارە بووەوە، بەرامبەر ڤالنسیاش فیگۆلی جەنگاوەر و هاوڕێکانی و ساردوسڕی کوڕەکانی ئەنچیلۆتیان بینی.

### هێشتا ماوەیتی

شەیدایانی ریال مەدرید پێیانوایە تیپەکەیان هێشتا لە رکابەری هەردوو نازناوی لیگا و چامپیۆنسلیگ دانەبڕاوە و دەرفەتی لەپێشە هەردووکیان بباتەوە، بە مەرجێک یاریکردنی بەکۆمەڵ ورەی وەرزی رابردوو بەدەست بێنێتەوە، وەک یاری کۆتایی بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید و پێش کۆتایی بەرامبەر بایرن میونشن، بەڵام ئەمە پێویستی بە کاری گەورەی کارلۆ ئەنچیلۆتی راهێنەر هەیە، کە لە جیاتی ئەوەی هانی یاریزانەکانی بدات چارە بدۆزنەوە، لە گۆڕینی ئیسکۆ پۆزش دێنێتەوە، کارگێڕی یانەکەش دەبێت تیپەکە بپارێزێت و گومان لە تواناکانی نەکات، هەرچەندە هەموو هێماکان ئاماژە بەوە دەکەن کە داهاتوو ئەستەمتر دەبێت ئەگەر ئاستی ریال بەرەو باشبوون نەچێت.

### پێویستە بجەنگن

لەم بارەوە ئیمیلیۆ بوتراگینیۆی بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان لە ریال مەدرید و ئەستێرەی پێشووی یانەکە، باس لەوە دەکات کە پێویستە یاریزانانی ریال مەدرید گیانی جەنگیان هەبێت بۆ ئەوەی رووبەڕووی ئەستەمییەکانی داهاتووی لیگا و چامپیۆنسیگ ببنەوە. بوتراگینیۆ لە کاتی ئامادەبوونی لە چالاکییەکی میدیایی راستەوخۆ وتەیەکی ئاراستەی یاریزانانی یانەکەی کرد و گوتی «بۆ ئەوەی درێسی ریال مەدرید بپۆشیت دەبێت باش بزانیت، تۆ بە بێ زریپۆش دەجەنگیت، بۆ یە دەبێت بەردەوام لەسەر یاریگە بەهێزترین بیت، بە دوای تۆپ بگەڕێیت و لە پێناویدا بجەنگیت، دەبێت ئەوە بکەین بۆ ئەوەی بۆ گەڕان بەدوای نازناوە گەورەکان پارێزگاری لە هێڵی راستمان بکەین.

---

لەبەرئەوەی بنەمای هەموو پلانەکانی ئەنچیلۆتییە..

# مۆدریچ دەرمانی دەردی ریال مەدریدە

**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

بەناوبانگترین رۆژنامەنووس و شرۆڤەکاری مەدریدی هۆکاری سەرەکی دابەزینی ئاستی یانەی ریال مەدرید و لەدەستدانی پێشەنگی خولی لیگای ئیسپانی بۆ دوورکەوتنەوەی لۆکا مۆدریچی یاریزانی کرواتی لە پیچکهاتەی تیپەکە دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت «تەنیا مۆدریچ دەردی دەرمانی ریال مەدریدە».

تۆماس رۆنسێرۆ، کە بە سەرسەختترین هاندەری یانەی شاهانە و کەللەڕەقترین دوژمنی بارسیلۆنا دادەنرێت، لە شرۆڤەیەکدا کێشەی ئێستای ریال مەدرید بۆ تاکە هۆکارێک دەگەڕێنێتەوەو پێیوایە رۆیشتنی مۆدریچ بەهۆی پێکانەوە ریال مەدریدی خستووەتە ئەو دۆخە ناڵەبارەوو بە گەڕانەوەی ئەویش یانەی شاهانە دەگەڕێتە دۆخی ئاسایی خۆی، چونکە وەک ئەو باسی دەکات، کارلۆ ئەنچیلۆتی راهێنەر لە هەر تیپێک بوویێت بە پلەی یەکەم پشتی بە یاریزانێک بەستووەو وەک چەقی کارەکانی هەموو پلانەکانی لەسەر بنەمای ئەو چەقە دارشتووەو دەڵێت «مۆدریچ ئەو یاریزانەی ئێستای ئەنچیلۆتییە». ئەو رۆژنامەنووس و شرۆڤەکار ە بەناوبانگە لەو بارەوە دەڵێت «لە هەر یانەیەک ئەنچیلۆتی پشتی بە یەک یاریزان بەستووە، لە میلان پێرلۆ بوو، لە چێڵسی لامپاردو لە ریالیش ئەلۆنسۆ، ئێستاش مۆدریچە، بۆیە ریال بەگەڕانەوەی مۆدریچ هەڵدەستێتەوە».

تۆماس رۆنسێرۆ، پێیوانییە ریال مەدرید ماوەیەکی درێژ لەسەر ئەم رەوشە خراپە بەردەوام بێت و دەڵێت «ئەم دۆخە خراپەی یانەی شاهانە کاتییە، ریال مەدرید جارێکی دیکە هەڵدەستێتەوە، ئەم قۆناخە تێدەپەڕێنێت و یانەکان دەتۆقێنێتەوە». هەروەها دەشڵێت «دوای ئەوەی مۆدریچ بەهۆی پێکانەوە دوورکەوتەوە، ئاست و ئەنجامەکانی ریال مەدرید رۆژ بە رۆژ روویان لە خراپی کرد، بۆیە چارەسەرییەکەش هەر لەدەست ئەودایە». ئەو زیاتر گوتی «ریال مەدرید نەخۆشە، دەرمانەکەیشی لای مۆدریچە».

---

# زێدان کێشە گەورەکەی ئەنچیلۆتییە

**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

رۆژنامەکانی ئیسپانیا دەڵێن هۆکارێکی سەرەکی ئەو کێشە گەورەیەی یانەی ریال مەدرید و کارلۆ ئەنچیلۆتی راهێنەری تێکەوتوون، نەمانی زێنەدین زێدانی ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسایە لە دەستەی مەشقی ئەو یانەیەو دەڵێن «زێدان رۆیشت ریال راوەستا».

بە قسەی ئەو رۆژنامانە بێت ئەمساڵ یاریزانانی ریال مەدرید بێ زێنەدین زێدانییان پێوە دیارە، چونکە وەک ئەوان لە راپۆرت و شرۆڤەکانیاندا باسیدەکەن، زێدان بە کەسایەتی بەهێز و خۆشەویستەکەی گیانی هاندان و کۆڵنەدانی لە یاریزانەکاندا چاندبوو، هەمیشە هاندەرێکی بەهێزیان بوو. لەو بارەوە نووسیویانە «لە وەرزی رابردوودا زیزۆ زۆر لە یاریزانەکان نزیک بوو، دەیتوانی هانیان بدات و ورەیان بەرز بکاتەوەو وەک پێویست ئاراستەیان بکات، بەڵام ئەم وەرزە زیزۆ بووەتە راهێنەری کاستیا و ئەستێرەی پێشووی یانەکە و هەڵبژاردەی ئیسپانیا فیرناندۆ هیێرۆ شوێنی ئەوی گرتووەتەوە، کە لەو رووەوە زۆر جیاوازە لە زێدان».

یەکێک لەو رۆژنامانە زیاتر لەو بارەوە دەنووسێت و دەڵێت «بۆ زانینی بەهای گۆڕانکاری ئەو وەرزە لە وەرزی رابردوو، بێنە پێش چاوی خۆت کارلۆ ئەنچیلۆتی دوو یاریدەدەری هەیە، یەکەمیان بە ئیسپانی قسە دەکات و ئەو دیکەشیان بە ئینگلیزی، ئەگەر ئەنچیلۆتی بیەوێ قسەیان لەگەڵ بکات، دەبێت بە دوو زمان دووبارەی بکاتەوە، جارێک بە ئیسپانی بۆ ئەوەی یەکەمیان تێی بگات و جارێکیش بە ئینگلیزی، بۆ ئەوەی دووەمیان تێی بگات، کە بێگومان ئەوە لە یارییەکان و ساتە گرنگەکان و لە کاتی مامەڵەکردنی خێردا شتێکی باوەڕ پێنەکراو و زۆر نەشیاوە».



«هیێرو نەیتوانیوە وەک زێدان گیانی هاندان و کۆڵنەدان لە یاریزانەکانی ریال مەدریددا بچێنێت»






### ترسنۆکە

گاریس بەیلی یاریزانی وێلزی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری فۆر فۆر تۆی ئینگلیزی، چەند نهێنییەکی ژیانی خۆی ئاشکرا کردو دانی بەوەدانا کە زۆر لە جاڵجاڵۆکەکان دەترسێت و حەزناکات لێیان نزیک بێتەوە. هەروەها لە رووی خواردنەکانیشەوە گوتی «زۆر بیری چای ئینگلیزی دەکەم، فاسۆلیاشم زۆر خۆشدەوێ، خۆشبەختانە لە نزیک ماڵی خۆم لە مەدرید فاسۆلیا هەیەو بۆخۆم لەوێ دەیکرم، بەڵام نازانم چۆن چای ئینگلیزی بەدەست دێنمەوە».

بروا بکەی یان نا..؟!

# کارلۆس رقی لە بێکهامە و قژی زڵاتانیش ئینگلتەرا دەسووتێنێت

**ئا: رەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات روودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە راستیدا روودەدەن:

## قژی زڵاتان ئاگر لە ئینگلتەرا بەردەدات

پێدەچێت دەرکردنی جۆی منداڵ

لە قوتابخانەیەکی ئینگلتەرا بەهۆی قژبڕینی لەسەر شێوازی قژەکەی زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سویدی، کە یەکێکە لەو شێوازانەی ئالوودەبووانی ماددە هۆشبەرەکان حەزی لێدەکەن، رەهەندی دیکە وەربگرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی دایکی منداڵەکە سکاڵای لەسەر قوتابخانەی کوڕەکەی تۆمارکرد و داوای لە حکومەت کرد بڕیاری دەرکردنی کوڕەکەی هەڵوەشێنێتەوە. کە ئێستا ئەو بابەتە یەکێکە لە زۆرترین ئەو بابەتانەی دەزگاکانی راگەیاندنی ئینگلتەرا پێیانەوە سەرقاڵن.

لەو بارەوە دایکی جۆ گوتی «چۆن کوڕەکەم لە ریزی ئەوانە پۆلین دەکرێت کە ماددەی هۆشبەر بەکاردێنن، پاشان لە قوتابخانە دەربکرێت تەنیا لەبەرئەوەی قژی وەک یاریزانێکی بەناوبانگی تۆپی پێ بڕیووە». هەروەها گوتیشی»من خۆم لە هۆکاری ئەو قژبڕینە پرسیارم لە کوڕەکەم کردووە، ئەو وێنەی ئیبراهیمۆڤیچی نیشاندام، ئینجا ئەو منداڵە و تەمەنی تەنیا 11 ساڵە، چۆن ئەو کارەی لە چوارچێوەی ئەو کارانە پۆلین دەکرێت، کە دژی سیستم بن».

دایکی جۆ، ئەستێرەی ئینگلیزی داڤید بێکهامی بە نموونە هێنایەوە کە ساڵی 2003 بەهەمان شێواز دەرکەوت و هەموو گەنجەکان چاویان لەوکرد.



## کارلۆس رقی لە بێکهامە

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە رۆژنامەنووسێک ئاراستەی رۆبێرتۆ کارلۆسی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی کردووە، ئایا لەبەرئەوە رقت لە داڤید بێکهامی ئەستێرەی ئینگلیزی دەبێتەوە، کە ئەو لە جێبەجێکردنی لێدانەکانی راستەخۆدا لە تۆ شارەزاتر بوو؟، کارلۆس رەتیکردەوە ئەوە راست بێت و دووپاتیکردەوە کە ئەو لەبەر هۆکارێکی دیکە رقی لە بێکهام دەبێتەوە. لەو بارەوە رۆبێرتۆ کارلۆس بە گاڵتەوە گوتی «بۆیە رقم لە بێکهام دەبێتەوە، چونکە ئەو زۆر جوانە، سەیریکەن جلی دڕاو لەبەردەکات، کەچی خەڵکی هەر خۆشیان دەوێ، چونکە کەسێکی کەشخەیە، بەڵام من پێچەوانەی ئەوم و خەڵکی بەهۆی شێوەم و ئەو جلانەی لەبەریدەکەم بەردەوام رەخنەم لێدەگرن».

بۆ بیرهێنانەوە نێوانی رۆبێرتۆ کارلۆس و داڤید بێکهامی هاوڕێی پێشووی لە یانەی ریال مەدرید زۆر خۆشە، هەرچەندە هەردووکیان لە نێو یاریگەدا یەک خەسڵەتیان هەیە، ئەویش جێبەجێکردنی لێدانی راستەوخۆیە، کە زۆر بە وردی و جوانی جێبەجێیان دەکرد.



## لەبەر نوێژکردن دواکەوت



هۆکاری دواکەوتنی گۆڕینی کۆما بابەکری یاریزانی یانەی فیۆرەنتینا لە یاری بەرامبەر ئینتەرمیلان لە خولی ئیتاڵیا ئاشکرابوو، هۆکارەکەشی ئەوەبوو جێگرەوەکەی محەممەد سەڵاحی یاریزانی میسری کە بەشێوەی خواستن لە یانەی چێڵسییەوە چووەتە ئەو یانەیە، لە خولەکی 40 یارییەکە نوێژی دەکرد، بۆیە کاتێک مۆنتێلای راهێنەری فیۆرەنتینا ئاوڕی لە کورسی یەدەگەکان دایەوە محەممەد سەڵاحی نەبینی، بۆ ئەوەی لە شوێنی بابەکر یاری پێبکات کە تووشی پێکان ببوو، دوای یەک خولەک سەڵاح دەرکەوت و لە شوێنی بابەکر دابەزی و گۆڵی بردنەوەی بۆ تیپەکەی تۆمارکرد، دوای ئەوەی 15 ساڵ بوو یانەی ڤیۆرەنتنیا لەسەر یاریگەی جۆسیپی میاتزا لە یانەی ئینتەرمیلانی نەبردبووەوە.

محەممەد سەڵاح بە ماوەیەکی زۆر کورت توانی دڵی هاندەرانی ڤیۆرەنتنیا بەلای خۆییدا راکێشێت، ئەوەش بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی پێی دەرکەوتووە، کە پێدەچێت کارگێڕی یانەکە هەوڵبدات گرێبەستی ئەو یاریزانە بە شێوەیەکی کۆتایی بکرێت.



# تاکتیکی دۆرتمۆند پەرەپێدانی دەوێت

**هەوراز کاوە**

لە ماوەی 3 ساڵدا، ژمارەیەک یاریزان یانەی بورۆسیا دۆرتمۆندیان جیهێشت، وەک محەممەد زێدان، نووری شاهین، لۆکاس باریۆس، شینگی کاگاوا، کە هەموویان لە هێڵی ناوەندو پێشەوە یاریاندەکرد، کەچی کەم کاریگەریان لەسەر یانەکە دانا، جگە لە کاگاوا کە لە هێڵی پێشەوە وەک یارمەتیدەر لەپشتی لیڤاندۆفسکییەوە یاریدەکرد، هەر ئەوەش وایکرد لە یەک وەرزدا 13 گۆڵ تۆماربکات و دواتریش هەندێکیان گەڕانەوە بۆ نێو تیپە زەردەکە.

ئێستا پێریرا ئۆبامیانگ، لە بۆندسلیگا لە 24 یاریدا تەنیا 10 گۆڵی تۆمارکردووەو تا رادەیەکیش ئەو ژمارە گۆڵەی کردوویەتی نیشانەی ئەوەیە تیپەکەی لە ریزبەندی خوارەوەبێت. ئەو یاریزانە بە بەراورد بە لیڤاندۆفسکی یەکلاکەرەوەیەکی باش نەبووە بۆ تیپەکەی. ئەگەر بەڕێوەبەرانی بورۆسیا دۆرتمۆند سەیری رکابەرەکەیان بکەن، دەبینن بایرن میونشن 3 یاریزانی گەورەو 2 گۆڵکاری لە بنکەی سەرەڕم داناوە، پاتریک فیراتیچ، کلاودیۆ پیتزارۆ، لیڤاندۆفسکی، کە لە هەموو یارییەکدا دووانیان ناچاردەبن لەسەر کورسی یەدەگ بمێننەوە، بەڵام ئامادەن لە کاتی پێویستدا یاریبکەن. واتە ئەگەر یۆرگن کلۆپی راهێنەری دۆرتمۆند بیەوێ رکابەری بکات، پێویستە یاریزانێک بۆ پاڵپشتی پێریرا و ئیمپۆلی دابنێت، بۆ ئەوەی نەتوانرێت ئەو یاریزانانەی لە ناوچەی سزادا کۆنترۆڵ بکرێن و هەروەها بۆ ئەوەی دەستکراوەبن بۆ هەر گورزێکی کەمەرشکێن لە بەرامبەر هاوتاکانیان. بۆیە پێویستە کلۆپ پەند لە یانەی هۆفنهایم وەربگرێت، کاتێک لە وەرزەی 2008 ـ 2009 پلەی یەکەمی خولی ئەڵمانی گرتبوو، لەو کاتەدا تەنیا بە یەک هێرشبەر یاریدەکرد، کە فیداد ئەبسیڤیتچ بوو، ئەویش تووشی پێکانێکی سەختبوو تا کۆتایی وەرزەکە، بۆیە تیپەکەی راهێنەر دیتمار هۆب گرنگترین یاریزانی تیپەکەی لەدەستچوو، کاتێک جێگرەوەیەکی باشی بۆ ئەو یاریزانە نەبوو، لە هەمانکاتدا ئەو یانەیە خاڵەکانی بەدوای یەکدا لەدەستداو نەیتوانی بگاتەوە ئاست و هێزی راستەقینەی خۆی.

لەسەر ئاستی بەرگری، یانەی دۆرتمۆند ترسی کەمە، بە تایبەتی کە گۆڵچییەکەی رۆمان فایدینفلەر داهێنەرەو مافی ئەوەی هەیە لە تیپی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا یاریبکات، ناوبراو رەخنەی لە یواکم لۆڤی راهێنەری ئەڵمانیا گرت، کە نەیبردووەتە هەڵبژاردەی مانشافت، لە کاتێکدا ئەو خاوەنی تۆڕێکی پاکترەو خاوەنی سەرژمێری بەرپەرچدانەوەی زیاترە.

دۆرتمۆند چاکترین دووانەی دڵی بەرگری هەیە لە جیهاندا، لە ناوەڕاستیشدا هێزی زۆری هەیە بە بوونی یاریزان و کاپتنی تیپ سیباستیان کیل، هێنریک موختاریان، ئالکای گۆندۆگان و مارکۆس رۆیس، جگە لە دووانەی ترسناک ئیپۆلی و ئۆبامیانگ.

سەرسامم بە دۆرتمۆند، چونکە تیپێکی دڵخۆشکەرو داهێنەرە، بووەتە جێگەی سەرەنجی جیهان. لە هەمانکاتدا زۆر لە خۆشەویستانی تۆپی پێ روویان لە بۆندسلیگا کردووە، بۆ چێژ لێوەرگرتن.

بەشێوەیەکی گشتی تیپی هەنگوینی دڵخۆشبوون بە بەجێهێنانەکانی دۆرتمۆند و هاوارکردنی 80 هەزار هاندەر، لە یاریگەی سیگناڵ ئیدۆنا پارک. ئاهەنگگێڕانی پلیکانەکانی باشووری بەناوبانگ، هۆکارەکەشی ئەوەبوو یاری کلاسیکۆی رابردووی هەردوو یانەی دۆرتمۆند و میونشن، ژمارەی پێوانەیی تۆمارکرد لە ژمارەی کەناڵە گواستراوەکان، کە لە 230 کەناڵەوە یارییەکە گوسترایەوە، ئەوەش لەبەرئەوەی دۆرتمۆند رەونەقێکی دروستکرد، تا ببێتە هاوتا بۆ یانەی میونشن، کە بەردەوامبوونی هەیە لە کێبڕکێکان و هەموو جۆرە پاڵەوانیەتییە جیهانییەکان.

# ناوبژیوانەکەی داعش کوژرا



## «ماوەیەک خەریکی راپ و کچان دەبوو ماوەیەکیش نوێژ و عیبادەت»

**رووداوی وەرزشی ـ اليوم السابع**

چەندین دەزگای راگەیاندن هەواڵی کوژرانی مەحموود غەندۆر، ئەو ناوبژیوانە میسرییەی پەیوەندی بە ریزەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش کردبوو بڵاوکردەوە.

غەندۆری ناوبژیوانی گەنجی میسری، هەموو شتێکی لە دوای خۆی جێهێشتبوو بۆ ئەوەی پەیوەندی بە داعشەوە بکات، هەر بۆیە ئێستا بە ناوبژیوانەکەی داعش دەناسرێت، ئەو سەرچاوانەش پشتیان بە جریوەیەکی سەر تویتەری ئیسلام یەکنی میسرییەکەی دیکەی نێو داعش بەستووە، کە دووپاتی دەکاتەوە کوڕی برای جەمال غەندۆری ناوبژیوانی بەناوبانگی میسری، لەسەر دەستی هێزەکانی عێراق لە تکریت کوژراوە، بەر لەوەی هەمان کەس بگەڕێتەوەو دووپاتی بکاتەوە، ئەو هەواڵە هیچ راست نییە و نووسیویەتی «ئەو سەرچاوەیەی ئەو هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە هی من نییە و ساختەیە». هەروەها ئیسلام یەکن بەڵێنشی داوە لە داهاتوودا بەڵگەی زیندووی مانەوەی مەحموود غەندۆر بڵاوبکاتەوە.


جەمال غەندۆری مامی ناوبژیوانەکەی داعش، خۆی بێبەری کرد لە برازاکەی و گوتی «ماوەی دوو ساڵە پەیوەندی و قسەم لەگەڵ باوکی مەحموود نییە، هیچ زانیارییەکم لەسەریان نییە، نازانم کوڕەکەی بووەتە داعش، کوژراوە یان نەکوژراوە».

ماڵپەڕی دۆت میسر، لەو بارەوە قسەی لەگەڵ کەسێکی خانەوادەی ناوبژیوانەکەی داعش کردووە، کە نەیویستووە ناوەکەی ئاشکرا بکرێت. ئەو خزمەی مەحموود ئاشکرایکردووە «مەحموود کەسایەتییەکی جیاوازی هەبوو، هەرکاتێک لەسەر ئاوازێک دەیخوێند، هەندێجار خەریکی راپ و گۆرانی گوتن و لاسایی کردنەوەی ئەکتەران دەبوو، هەمیشە دوای کچان دەکەوت، هەندێجاریش خەریکی تەسبیح و نوێژ و عیبادەت دەبوو».

ئەو خزمەی غەندۆر هەروەها دەشڵێت «ناوبژیوانەکەی داعش دەرچووی کۆلیژی مافە لە زانکۆی عەین لشەمس».



## سەیرە



گۆنزالۆ بریزای بەڕێوەبەری راگەیاندن لە مۆزەخانەی مۆم لە شاری مەدرید باس لەوە دەکات، کە سەرتاشەکەی کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی لەســەر داوای ئەو یاریزانە مانگانە ســەردانی مۆزەخانەکە دەکات و قژی پەیکەرەکەی رۆناڵدۆ رێکدەخات، کە قژێکی ســەد لەسەد سروشتییە و لە هندستان هێنراوە، کە گەورەترین سەرچاوەی قژی سرووشتییە لە جیهاندا. هێنانەوە پەیکەری رۆناڵدۆ کە لە مۆم دروستکراوە لە ساڵی 2013 دروستکراوەو لەگەڵ ئەستێرەکانی دیکەی جیهان لە مۆزەخانەکە دانراوە.



رێبوار محەممەد

# ئەنبرۆکن.. کاتێک شەڕ لەبەردەم وەرزشدا چۆکدادەدات

ئەنبرۆکن یەکێکە لە فیلمە بەرهەمهێنراوەکانی هۆلیودی 2014، ئەو فیلمە لە چیرۆکێکی راستەقینەوە وەرگیراوە، چیرۆکێک کە مرۆڤ تا دواسات بەدیار پاڵەوانەکەیەوە دەهێڵێتەوە.

لەوانەیە هەندێک پێیان سەیر بێت لەم گۆشە وەرزشییەدا کە هەمووجار لەسەر رووداوە وەرزشییەکان دەنووسم، قسە لەسەر فیلمێک بکەم، لە کاتێکدا دنیای وەرزش تژییە لە گۆڕان و هەواڵ و بەسەرهات و بردنەوە و دۆڕان و لەهەموویان سەرنجڕاکێشتریش بردنەوەی بارسا و دۆڕانی ریال و ئەوەی لەو دوو ئەنجامەوە کەوتەوە.

هەمیشە وەرزش بەشێک بووە لە پێکهاتە مرۆییەکەی ژیان، بۆیە کاتێک باسی وەرزش دەکرێت، ناکرێ لایەنە مرۆییەکەی نادیدە بگرین.

ئەنبرۆکن چیرۆکی فیلمێکە پاڵەوانەکەی لە ژیانی ئاسایی و خەون بینین بە بوونە پاڵەوانی ئۆڵمپیادەوە پەلکێشی نێو دیمەنەکانی کوشتن و شەڕ دەکات.

ئەو فیلمە باس لە پاڵەوانێک دەکات کە لە سەرەتاکانی سەدەی رابردوودا خەون بە چوونە ئۆڵمپیادی تۆکیۆوە دەبینێت وەک یاریزان، لەوێ سەردەکەوێت، وەلێ گەشتی دووەمی بۆ تۆکیۆ ئەوکاتە دەبێت کە فڕۆکەکەی دەکەوێتە خوارەوە و بەدیلی دەکەوێتە دەست ژاپۆنییەکان.

ئەنبرۆکن لە هێڵە گشتییەکەیدا ئەوەمان پێشاندەدات کە پاڵەوانی فیلمەکە لە شەڕی نێوان هاوپەیمانان و ژاپۆندا بەدیلی دەکەوێتە دەست ژاپۆنییەکان و زۆر بێرەحمانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، وەک هەر دیلێکی دیکە و بگرە زۆر لەوانیش زیاتر، کە لە کۆتاییدا دوای ئازار و چەرمەسەرییەکی زۆر دەگەڕێتەوە ناو ماڵباتەکەی لە ئەمریکا و ساڵی 2011 لە راستیدا مەشخەڵی ئۆڵمپیاد لە شەقامەکانی تۆکیۆدا دەسووڕێنێتەوە.

چیرۆکی ئەنبرۆکن لە پاڵ ئەو هێڵە گشتییەدا چیرۆکێکی دیکەش لە سێبەردا دەخاتە بەر تیشک، ئەویش چیرۆکی ئەو پاڵەوانەی ئۆڵمپیاد کە بەهۆی وەرزشەکەیەوە ناچاردەبێت قوربانییەکی زۆر بدات و ئازاری زۆریش لەو پێناوەدا بچێژێت.

پاڵەوانی فیلمەکە کاتێک دەبێتە دیلی دەستی ژاپۆنییەکان، بەرپرسی سەربازگە ژاپۆنییەکە لە یەکەم رۆژی بینینییەوە دەیەوێ لوتبەرزیی ئەو بشکێنێت و بەدار لە لوتی دەدات، ئەوە بۆچییە؟ چونکە ئەو پێشتر لە وڵاتەکەی ئەواندا وەک پاڵەوان دەرکەوتووە. لەوێدا شەڕ تۆڵەی دۆڕانی وەرزش دەکاتەوە.

چیرۆکەکە درێژ دەبێتەوە و بەرپرسە سەربازییەکە هەموو هاوڕێکانی پاڵەوانەکە ناچار دەکات بە بۆکس لەدەموچاوی ئەو بدەن، ئەمە جیا لەوەی زۆرترین سووکایەتی پێدەکات و زۆرترین ئازاری جەستەیی و دەروونیی دەدات و ئەویش هەڵدەبژێرێت تا پەیامێک ئاراستەی ئەمریکییەکان بکات لە رێگەی دەنگی تۆکیۆوە دوای ئەوەی چەندین ساڵە بێ هەواڵە.

ئەنبرۆکن لە کۆتاییدا پاڵەوانەکەی دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەی زۆر قورسی لێدان و هەڵگرتنی دارێکی قورسەوە کە بەرپرسی سەربازگەکە بە دیلە وەرزشوانەکەی دەکات و فەرمان بەپاسەوانەکانی دەکات ئەگەر دارەکەی دانا دەستبەجێ و بێ دوو دڵی بیکوژن و لە کۆتاییدا کاتێک وەرزشوانەکە چۆک دانادات، ئەو ناچار دەبێت بەسەریدا هاوار بکات و لێی بدات تا بیخاتە سەرزەوی.

تۆ سەیری ئەو دیمەنانە بکەن، پاڵەوانەکە سێجار دەچێتە تۆکیۆ، جاری یەکەم وەک یاریزانی راکردن و لەوێدا هەموو ئامادەبووانی گۆڕەپانەکە چەپڵەی بۆ لێدەدەن، لە جاری کۆتاییشدا کە مەشخەڵەکەی پێیە، تۆکیۆییەکان هەمان هەستیان هەیە بۆی و لەسەر شەقام پێشوازی دەکەن، وەلێ ئەو کاتەی پەیامی شەڕی پێیە و وەک فڕۆکەوانێک دەکەوێتە دەریای ژاپۆنییەکانەوە، هەموو رۆژێک بەقوربانی مردنی دەکەن. انبرۆکن لە دیوی دووەمی پەیامەکەیدا چیرۆکی سەرکەوتنی وەرزشمان بەسەر شەڕدا بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو پێمان دەڵێ ئەوە پەیامی وەرزشە، ئەو پەیامەی ئەنبرۆکنیش دەیەوێ بیگەیەنێت، پەیامێک کە من وایدەبینم «چیرۆکی ئەوکاتەیە کە شەڕ لەبەردەم وەرزشدا چۆکدا دەدات» هەرچەندە بەداخەوە هەمیشە کە شەڕ هات هەموو جوانییەکانی ژیان لەناودەبات بە وەرزشیشەوە.

# مارادۆنا دەبێتە مامادۆنا

**رووداوی وەرزشی ـ TANGO**

رۆژنامەیەکی بەناوبانگی ئەڵمانی ئابڕووی دییگۆ ئارماندۆ مارادۆنای ئەفسانەی تۆپی پێی ئەرجەنتین دەبات و بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە وەسفی دەکات و دەنووسێت «مارادۆنا دەبێتە مامادۆنا».

دوای ئەوەی مارادۆنا چەند نەشتەرگەرییەکی جوانکاری کردو بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە وێنەیەکدا دەرکەوت کە وەک ئافرەت ماکیاجی کردبوو، تەنانەت سووراوی لە لێوەکانی دابوو، رۆژنامەی بیلدی ئەڵمانی بە مامادۆنا وەسفی کردو رایگەیاند کە مارادۆنا دەیەوێ بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکاری ئەو کچە دۆستەی خۆی لە خۆی رازی بکات کە بە تەمەن دەیان ساڵ لێی بچووکترەو لەو بارەوە نووسیویەتی «مامادۆنا بۆ رازیکردنی کچە دۆستە بچووکەکەی خۆی بردووەتە سەر شێوەو رۆخساری ئافرەتان».

دوای ئەوەی بیلد ئەم نازناوەی بە مارادۆنا دا، ئەو ئەفسانەیە بووە جێگەی گاڵتەجاڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک و تویتەر و بە چەندین شێوە گاڵتەیان پێکرد. هەندێکیان مارادۆنایان کردبووە ژنی ماڵەوە، هەندێکی دیکەش سەری ئەویان لەسەر جەستەی ئافرەتە بەناوبانگەکان دانابوو، تەنانەت هەندێکیان مارادۆنایان بەو ئافرەتە بەناوبانگانە بەراورد کردبوو کە بەهۆی نەشتەرگەرییەکانی جوانکاری جوانییەکەیانی لەدەستدابوو.

بێگومان ئەمە بووە مایەی تووڕەبوونی هەوادارانی مارادۆنا لە ئەفسانەکەیان، کە لە سەرانسەری جیهاندا خاوەنی زۆرترین هەوادارە.




رووداو وەرزشی

LOTTO

(رووداوی وەرزشی)

بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : ..........................................

مۆبایل : ..........................................

4

سی و نۆیەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لیکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی .
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD .
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .
4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .
5 ـ مۆبایل.

پێشبڕکێ

بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی: 0750 760 5215 لەگەڵ ناوی خۆت





سەروان زاری

لە

زرارا

بە لێدوانی:

( دەستم بگرە هەستە، دەزانم بەقەستە )

بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.








سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
EHSANJORNALIST@YAHOO.COM - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

رووداو وەرزشی
رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە



رووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە
www.rudaw.net



هەموو دووشەممەیەک رووداو بخوێنەوە